# لەناو بۆنی پەنیرو ماستدا لێدوان دوکاندارەکان دەدوێنێ

## فرۆشیارێك: بەرهەمەکانی شیر تێکەڵ ناکەمو دیاریش بە فرۆشیارەکانی خۆم دەدەم، تا بەرهەمی پاکم بدەنێ

ئا: شالاو

پەنیردوو جۆری هەیە پەنیری مەیرەو پەنیری سەلك, بەلام لە ناوچەی ئێمە بە زۆری تامەزرۆی جۆری مەیرەن، لەبەرئەوەی سەلکەکە زۆر باش نیەو نرخشیان جۆراو جۆرە، هەیە کیلۆی بە شەش هەزار تا دە هەزار و یانزە هەزار دینار دەروات، پەنیری مەنگورایەتی بە سیانزە هەزار دیناریش دەفرۆشرێت، ئێستاش زیاتر پەنیرمان هەیە نەك ماست، ئەمە قسەی مام (رەحمان پیرۆت رەسوڵ) بوو کە لە دوکانێکی فرۆشتنی بەرهەمەکانی ماست وەستابوو، ئەو کە پانزە ساڵە ئەو کارە دەکاتو عەشقێکی زۆری لەگەڵ کارەکەیدا هەیە، سەبارەت بە شێوەی دروست کردنو جۆرەکانی پەنیر دواو ووتی: سەرەتا شیرە، پاشان دەکولێنرێت, کولانێکی زۆر، چونکە هەتاکو بکولێت، جوانترو باشتر دەبێت، زۆربەی ئەو بەرهەمانەش کە لە بەهاراندا هەن، وەك پەنیر، ژاژی رۆنەکەرە مەیرەو شیرێژ، لۆرك، ماستو دۆ، ئەمانە لە وەرزی بەهاران زۆرترن، ئەو بەرهەمانەش بەتایبەت مەیرە هاوینان دەیبەن بۆ کوێستانان لە شوێنی ساردی دادەنێن، چونکە تا لە شوێنی سارد بێت، تامەکەی خۆشتر دەبێت، مانگی دەو یانزە دەیهێننەوە بۆ فرشتن، پەنیریش بەهەمان شێوە، چونکە ئەگەر پەنیر شوێنەکەی گەرم بێت، رۆن دەکاتو تامەکەی ترش دەبێت، لەو ناوچەیەش بە زۆری پەنیرو ماست هەیە، زۆرترش پەنیر سەرف دەبێت، بە تایبەت ماست لە وەرزی زستان کەمتر سەرف دەبێت، جگە لەوەش پەنیر بۆ مرۆڤ بەهێزە. پاشان سەبارەت بە خاوێنیو چاودێری ئەو دوکانانەی کە ئەو بەرهەمانە دەفرۆشن، مام رەحمان وتی: بەردەوام لیژنەی رەقابە دێنو سەیری کارەکانمان دەکەن، ئێمەش دەفتەری تایبەتمان هەیەو مۆڵەتی یاساییمان لە حکومەت وەرگرتوە, هەر شەش مانگ، بۆ ساڵێك بۆمان تازە دەکرێتەوە, هەموو هەفتەیەك جارێك لیژنەی تەندروستی دێت، هەر گومانێکیش هەبێت لەسەر ئەو بەرهەمانە، دەڵێن دەبێت هەڵیبگرنەوەو نابێت بە هاولاتیان بفرۆشرێت, خۆشمان هیچ کات شتی خراپ بە خەڵك نافرۆشین، چونکە نە وپژدانمان رێگەمان دەدات نە خواش قبولی دەکات، تاکو ئێستاش لە لایەن لیژنەی تەندروستی، رووبەروی ئیجرائات نەبوینەو،ە هیچ کاتێکیش بەرهەمەکان تێکەڵ ناکەینو وەکو خۆی دەیفرۆشین، بەلام جاری هەیە لە شوێنی خۆی پەنیرو ژاژی تێکەڵ دەکرێت، بۆ ئەوەی تامی خۆش بێت، ئەوەش لە شوێنی خۆی دەکرێت، نەوەك لای ئێمە، زۆربەی بەرهەمەکانیشمان خۆماڵینو ئەو شوێنەی کە ئێمە بەرهەمەکانی لێدەکرین، کەسەکان ناسراونو بەرهەمەکانیان خاوێنە، زۆر جاری وا هەبووە دیاریم بردووە بۆ خاوەن ماڵەکان، تەنها بۆئەوەی شتی باشو خاوێنم بدەنێ، کەسێکیش نەیناسم هیچی لێناکرم. هەر بە دەم قسەکردنەوە، چەند موشتەریەك هاتنە دوکانەکەو چەند کیلۆ پەنیرێکیان کری، پاشان مام رەحمان لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو، وتی بەرهەمەکانی زورکان، زوودان, دەرگەڵ, سپێرۆ, کوزینە, زۆر باشن، بەلام هی ناوچەی توتمێ زۆرنا، واتە وەکو ناوچەی مەنگورایەتی نابن، لە لایەکی تر سەبارەت بە پرسیاری ئایا شوێنەکەیان باشە بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان؟ ووتی: شوێنمان زۆر گونجاوەو سوپاسی حکومەت دەکەین، هیواشمان هەیە ئەگەر کەموکوریمان هەبێت، حکومەت هاوکاریمان بکات.



(حەمەد ئەمین ئەحمەد حسەن )یش کە خاوەنی دوکانی (راستی )یەو نزیکەی حەوت ساڵە دوکانی فرۆشتنی پەنیرو ماستو بەرهەمەکانی ماستی هەیە، سەبارەت بەو پرسیارەی کە ئێستا زۆرتر رەواج لەسەر چ بەرهەمێکە ووتی: ماست زیاتر لە وەرزی هاوینان دەفرۆشرێتو لە وەزری بەهاران نرخەکەی هەرزان دەبێت، لەلای ئێمەش بە شێوەیەکی گشتی ماستی مانگاو بزنو مەرو گامێشمان هەیە، بەلام زیاتر ماستی مەر سەرف دەبێت، ئەگەر هەبێت کە زیاتر لە وەرزی هاوینو بەهاردا هەیە، سەبارەت بەو پرسیارەی کە ئایا شیری بایەعی بەکار دێنن بۆ بەرهەمەکانیان، ووتی نەخێر بە هیچ شێوەیەك شیری بایەعی تێکەڵ بەو ماستانە ناکەین، ئەو ماستانەی هەشمانە هی مەرو بزنە، ماستی مەرو بزنی تێکەڵە هەیە، چونکە کاتێك خاوەنەکەی دەیدۆشێت ناتوانێت لە یەکتری جیا بکاتەوە، ئێمە بە بەردەوام لە ژێر رێنماییەکانی لیژنەی تەندروستی داینو بەردەوام سەردانمان دەکەن، تاکو ئێستاش ئێمە توشی غەرامە نەهاتووین، چونکە پاكو خاوێنی دەپارێزینو لە کاتی رەشاباش بەرهەمەکانمان دادەپۆشین، هەر شتێکیش گومان لێی هەبێت، فرێیدەدەینو بە خەڵکیشی نافرۆشین، ئەمەو پێشنیاری ئەوەی کرد کە حکومەت شوێنێکی دیاریکراویان بۆ داین بکات، کە تایبەت بێت بە فرۆشتنی بەرهەمەکانی شیر، جگە لەوە، وتی گرفتی ئاومان نیە، پە دەگمەن نەبێت، ئێرە شوێنێکی شیاوە بەلام شوێنێکی تایبەتمان بۆ داین بکەن باشترە.

## Stop

### مۆڵەت

مەریوان

مۆڵەتم بدەن ئەو مۆڵەتەتان بۆ روون بکەمەوە کە دەمەوێ لەسەری بدوێم، با توشی بەدگومانی نەبین لەلایەن ئەوانەی مۆڵەت بەخۆیان دەدەن قسەلەسەر هەندێك مەسەلە بکەن، کە ئەسلەن نەکاری ئەوانەو نە لەو ئاستەدان، قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەن. ئەوەی لەم ولاتەی ئێمەداو لەم چەند ساڵەی دواییدا زۆر داخوازی لەسەر بوو، مۆڵەتی شۆفێریو مۆڵەتی کۆمپانیاو مۆڵەتی سەفەر(پاسپۆرت) بوو. جگەلە مۆڵەتی یەکەم، مۆڵەتی دووەمو سێیەم بۆ ئێمەومانان زەرورنیەو بەکەڵکیشمان نایە. با مۆڵەتیش بدرێین؟؟، ئەوانەی کە خاوەنو داواکاری مۆڵەتی (دووەمو سێیەم)ن، مۆڵەتی یەکەمیان هێندە بەلاوە گرنگ نیە، چونکە کەمتر مۆڵەت بە کارمەندانی هاتوچۆ دەدەن، دوای مۆڵەتی لێخورینو شتی لەو بابەتەیان لێ بکەن.
سەیرە، ئێمەیەك شەرمان کردو خوێنمان رژاو توشی سەدان نەهامەتی هاتین، تا کورد بگات بە دەسەلاتو خۆمان یاسا بەسەر خۆماندا جێبەجێ بکەین، کەسی وامان هەیە بە شکانو بە کەم زانینی دەزانێ گەر پۆلیسێکی هاتوچۆ بە سەرماو سۆڵەی زستانو قرچەقرچی گەرمای هاوین، پێی بلێ بێ زەحمەت.
لە هەموو دونیادا کەسانێك هەن مافی ئەوەیان هەیە کە ناز بەسەر مێژوو شۆرشی نەتەوەیەکدا بکەن، بەلام لە مێژووی هیچ گەلێکدا نەبوە، کەسێك ناز بەسەر یاسادا بکات، مۆڵەتم بدەن ئەوە بلێم کەسانێك هەن وا بیر دەکەنەوەو پێیان وایە ئەوانەی (شت)ن نابێ هیچ شتێکیان پێ بووترێ، ئەگەر بە کەسانێکی لەم جۆرە نەوترێ stop، گرانە ئەو نائومێدیەی خەلك بگۆرێ بۆ هیواو ئومێد. بیرمەندێك جوانی وتوە (وعی الافراد یفسد فی الحالتین: رؤیه الجریمه وعدم ریه العقاب. رؤیه العقاب وعدم رؤیه الجریمه).

# گەنجان لە ئێستاوە خۆیان بۆ ڤالانتاین ئامادە دەکەن



ئا: رۆنیا عوسمان

هەموو ساڵێك بەرواری ٢/١٤جەژنی ڤالانتاینە..ئەو رۆژەی بە جەژنی خۆشەویستی ناسراوەو بەهەزاران دیاری وگوڵ وماچ وهەستی ئەویندداری لەناو گەنجان وعاشقانی هەموو نەتەوەکانی جیهاندا ئاڵوگۆر دەکرێت ، بێگومان گەنجانی کوردیش ئەم رۆژە پیرۆز دەکەن لەیەکتر.. بۆ ئەم ساڵیش وەکو ساڵانی رابردوو گەنجان وئەوینداارانی کوردستان خۆیان ئامادە کردووە دیاری لەگەڵ خۆشەویستیەکانیان بگۆرنەوە.. کچێکی تەمەن (٢٣) بەم شێوەیە باسی لەچۆنیەتی دیاریەکەی کرد کە گوتی ناوم سۆزینە: گوڵێکی سورم کریوە ، رۆژی ٢/١٤ دەیبەخشم بە خۆشەویستەکەم ، بەڵام خۆشەویستەکەم نازانێت کە دیاریەکەم گوڵی سورە، تەنها ئەوەندە ئەزانێت کە دیاریم بۆ کریوە بۆ ئەم رۆژە.. شاباز کەریم گەنجێکی خاوەن دەزگیرانە وتەمەنی (٢٥) ساڵە، گوتی : لەگەڵ دەزگیرانەکەم بەڵێنمان داوە رۆژی ٢/١٤زەماوەندی گواستنەوە بکەین و یەکەم رۆژی مانگی هەنگوینیمان بێت..بەڵام کۆسار عبداللە پێچەوانەی شاباز کەریم گوتی: من خۆم ئامادە کردووە کە رۆژی ڤالانتاین ژن مارە بکەم ، ئەو رۆژە لەگەڵ خۆشەویستەکەم ئەڵقەی دەزگیرانی ئەگۆرینەوە.. شنۆ بابەکر تەمەن ١٨ساڵ گوتی : من ساڵی پار لەم بەروارەوە لە خۆشەویستەکەم تۆرام کە خەتای ئەو بوو بۆیە لای من جەژنی خۆشەویستی نیە بەڵکو بۆ من مانای کۆتایی هێنانی خۆشەویستیەکی گەورە بوو. کارمەند خدر تەمەن ٢٢ساڵ زۆر بە خەمباریەوە قسەی بۆ کردین وگوتی : من بروام بەخۆشەویستی نیە ئینجا جەژنەکەی.. ؟ هاونازیش کە خوێندکاری ئامادەیی یە گوتی: منیش ئەو رۆژە بەلامەوە وەکو رۆژانی تر ئاساییە لە ژیانمدا بۆیە هیچ جۆرە خۆشیەکەم نیە بۆ ئەم مەبەستە.. هاوکار ئیسماعیل وەکو خۆشترین رۆژ لەژیانیدا جەژنی ڤالانتاینی ناساند وگوتی: بۆ من دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆشەویستەکەم پیاسە بکەم وبیبینم وهەستی خۆمی بۆ دەربرم وپێکەوە زۆر قسەی خۆش بکەین وئەوین ووەفاداری بۆ یەکتر دووپات بکەینەوە ، ئەو رۆژە لای من بەهای خۆی هەیەو لەئێستاوە دیاریم کریوە بۆ خۆشەویستەکەم. وە زۆر حەز دەکەم هەموو گەنجانی عاشق ئەو رۆژە پەپیرۆز سەیر بکەن ولەم رۆژەدا گرفتەکانی دلی خۆیان بۆ یەکتر بکەنەوەو بەڵێنی خۆشەویستی بەیەکتر بدەن وتەواوی ژیانیان بۆ خۆشەویستی تەرخان بکەن وبەلایانەوە گرنگترین شت عەشق بێت، چونکە عەشق مانای بەردەوامی ژیانە. مامۆستا هەنار وەکو ژنێکی خاوەن سێ منداڵ بەم جۆرە باس لە جەژنی ڤالانتاین دەکات : " لەم رۆژەدا مێردەکەم ماچ دەکەم وپێی ئەڵێم خۆشم ئەوێیت" . دیار یاسین گەنجێکی تەمەن ٢٤ساڵە لەبارەی جەژنی ڤالانتاینەوە گوتی: پیرۆزبایی لەهەموو گەنجانی کوردستان دەکەم وهیوادارم هەمیشە جەژنی خۆشەویستی وشادی بێت بۆ گەنجانی کوردو هیچ مەینەتیەکیان نەیەتە رێگا. لەکۆتایدا مام عەولای دوکاندار گوتی: بەخوا کورم سەردەمی ئێمە ئەو جەژنانە نەبوون هەر نازانم ئەوە باسی چی دەکەی ومن وپیرەژن ئێستا بەیەکەوە تا بەیانی پرەخەوکۆکەمانە کوا کاتی ئەوەمان هەیە یادگاری رۆژانی گەنجی وهاوسەری وخۆشەویستیمان باس بکەین.

# گەڕان بەدوای بژێویدا

## بە ناچاری بە عارەبانەکەمەوە لەوێ بۆوێو لەوێش بۆوێ دەچم، تا کەسێك بدۆزمەوە کارێکی بۆ بکەم

ئا: مەڵبەند غازی

لەگەڵ ئەوەی کارەکەم داهاتێکی کەمی هەیەو بەشی بژێوی رۆژانەمان ناکات، بەلام ناچارییەو لە بێکاریدا حەمبالی دەکەم، لەوەتەی ئەو ماتۆرانەش پەیدا بوون کە بارهەڵگرێکیان پێوە خستوە کارەکەمان کەم بۆتەوە، چونکە ئەوان بە هەمان نرخ کەلوپەل بۆ خەلك دەگوازنەوەو بۆ ئەوانیش ئاسان ترە وەك لە ئێمە، ئەمە قسەی ئەبوبەکر عەزیز بوو کەتەمەنی ١٩ ساڵ بوو، ماوەی چوار ساڵە ئەو کارە دەکاتو لە ماڵەوە ٧ کەسن، باوکی کرێکارەو کوری گەورەی ماڵ بوو لە لایەکی تر، ئەو ووتی من هیچ داواکاریەکم نیە. هێمن حەمە غەریب کە تەمەنی ٢٢ ساڵ بوو بەدیار عارەبانەیەکی دوو تایەوە وەستابوو لە چاوەروانی کەسێکدا بوو کە بێت کەلوپەلەکانی بۆ بگوازێتەوە بۆ ئەوەی بەشە رۆژانەیەکی کەم بۆ خێزانەکەیان داین بکات، ئەو کە بە دیار سەرماو سۆڵەی ناو بازارەوە دەستەکانی خستبوو سەر عارەبانەکە دەردەدلی خۆی بۆ لێدوان کردو ووتی من دەمێکە کاری حەمبالی دەکەم لەبەر ئەو کارەش نەمتوانیوە بخوێنم و شارەزایشم لە شتی تر کەمە بە ناچاری بە عارەبانەکەمەوە لە وێ بۆ وێو لە وێش بۆ وێ دەچم تا کەسێك بدۆزمەوە کارێکی بۆ بکەم ئیتر ژیانی من گەرانە بە دوای بژێویدا لەگەڵ ئەوەش من باوكو دایکم کوێرنو برایەکیشم قاچێکی ئێش ناکات لەگەل ئەوەش وەزعی خۆمان پێباشە و رازین بە ژیانی خۆمان بەلام ئەویش پێی وابوو کە لەوەتەی ئەو ماتۆرو سەیارانە پەیدا بوون کە کاری گواستنەوە بۆ خەلك دەکەن کاسبی ئێمە کەم بۆتەوە و بۆتە رۆژانە, رۆژێك کارمان دەست دەکەوێت رۆژێکی تر بە دیار عارەبانەکەمانەوە بە بێ کاری دادەنیشین. لەسەر هەمان بابەت ئەحمەد ئیسماعیل کە پیاوێکی بەتەمەنی چل و چوار ساڵە بوو ووتی من ماوەی شانزە ساڵە حەمبالی دەکەم هێشتاکەش داهاتم باش نیە چونکە ئەوەی کە رۆژانە دەستمان دەکەوێت بۆ بژێوی ژیانمان سەرفی دەکەینەوە، داهاتی کاری حەمبالیش بە رۆژانەیەو ناچاری ژیانیشە کە ئەو کارە دەکەین پاشان لەسەر هەمان بابەت ئاری عەبدواللە کە تەمەنی ١٨ ساڵ بوو ووتی من باری گوزەرانم باشە بۆخۆشی خۆشم ئەو کارە دەکەم بۆ ئەوەی بە بێکاری نەسورێمەوە. لە سوچێکی تری شەقامێکی ناو بازاری رانیەدا کەسێکی تر کە ناوی هەڵکەوت ئەحمەد شێخە بوو لە تەنیشت چەند حەمباڵێکەوە وەستابوو دیار بوو هێشتاکە خەمی هاورێکانی بوو کە چۆن ژیان دەگوزەرێنن، چونکە وەك خۆی ووتی ماوەی هەشت ساڵ کاری حەمبالیم کردوە و ئێستا وازم لێهێناوە چونکە کارەکەی کەم بۆتەوە و ئەوەی کە دەستت دەکەوێت هی ئەوە نیە کە بۆی ماندوو دەبیت و چاوەرانی دەکەیت، رۆژی وا هەیە پارەکە بەشت دەکات بەلام چەندان رۆژی تر بەش ناکات. هەر بۆ هەمان مەبەست کەسێکی تر کە نەیویست ناوەکەی ئاشکرا بکرێت گلەیی زۆری لە دەوڵەت هەبوو کە تا ئێستا بیری لە پرۆژەی بەرهەمهێنان و بەکارخستنی توانای گەنجان نەکردۆتەوە چونکە زۆربەی خەلك بێکارە و تواناو هیواکانیان بە بەتالی دەمێننەوە، کاری کشتوکال کەم بۆتەوە و هیچ کارگە و شوێنێك نیە کە لێی دابمەزرێن، چونکە قەدەری ژیانمان وا بووە کە لەبەر هەژارە نەمانتوانیوە بخوێنین لەگەڵ ئەوەش گلەیی لە خەلك هەبوو کە کاتێك کەلوپەلێکیان بۆ دەگوازنەوە زۆر بە کەمی حەقی تەواوی حەمبالەکان دەدەن بە گشتیش پێی وابوو زۆر کەمن ئەو کەسانەی کە رازی حەمبال و بارهەڵگرەکان تێدەگەن چونکە ئەوان کەسانێکن کە بە ئارەقەی ناو چاوانی خۆیان بژێوی ژیان داین دەکەن.

